# ڕەخنەگران لە ڕۆمانێکی یەشار کەمال دەدوێن

و: ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل

ڕۆمانی«ئاغاکانی ئاقچەساز» ڕۆمانێکە لە دووبەشدا چەندین ساڵ بەسەر چاپکردنیاندا تێپەڕیوە، کەچی تا ئێستاش جێگای دەمەتەقێ و لێدوانن، ئێستاش گۆڤارە ئەدەبییەکان گرنگییان پێدەدەن و لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە دەکەن و چەندجارە چاپدەکرێتەوە.. لێرەدا یەشار کەمال لەبارەی ئەو ڕۆمانەوە هەندێ زانیاری ئاشکرا کردووە کە لەکات و شوێنێکی دیکەدا بڵاوبۆتەوە، ئەمجا بەشێکی ئەو دانشتنەی کە کۆمەڵێ ڕەخنەگرو نووسەر لەبارەی ڕۆمانەکەوە دەدوێن لەوانە: جەمال سورەییا، پرۆفیسۆر محەمەد قاپلان، خەلوق شاهین، حیلمی یاوز..

* **توغلان**: بەڕێز یەشار کەمال«ئاغاکانی ئاقچەساز» ڕۆژگارو سەردەمێکی «چقوورئووا» دەخاتەڕوو ڕووداوەکانت زۆرتر مەبەست بووە یا مرۆڤەکان؟!

- یەشار کەمال: ماوەیەکی زۆر لە چقوورئووا ژیاوم گۆڕانکاریی و بەسەرهاتەکانی ئەو ناوچەیەم بەچاوی خۆم دیت، سیستەمێک بەسەر دەچوو، بارودۆخێکی دیکە پەیدا دەبوو، ئیتر نەک ناوچەکە، بەڵکو مرۆڤانیش گۆڕانکارییان بەسەردا دەهات، تا سروشتیش دەگۆڕا.. دەتوانم گەلێ نموونە بهێنمەوە: ئەوانەی لە من بەتەمەنترن، ئەوانەی ئاگادارو شارەزای ڕۆژانی رابردووی چووقوور ئووایان لەیادە دازانن هەزارەها ئاسک و کەڵەکێوی لەگەڵ مانگی شوباتدا لەوێ

پەیدادەبوون.. گەلێ گۆڕانی لە چقوورئووا دا باوبوون: «ئەسپی تیژڕەو ئاسکان دەگرێت..».. کە من فامیم هەر ٢٠٠ ئاسکێک لە یایلەکانیدا مابوونەوە، کە چقوورئووام بەجێهێلاو چوومە «ئەنەڤارسا» هەرچەند ئاسکێکی تێدا مابووەوە.. زۆنگاوەکانی ئاقچەساز پەیدابووبوون، سەرتاپای چووقورئووا لێڕەوارو چەم بوو.. هەزاران دۆنم قامیشەڵان و زەل بوو، کاتێ کە ساڵانی ٩٤٩ تراکتۆر گەیشتە ئەوێ بەچاوی خۆم بینیم ئەو قامیشەڵان و لێڕەوارانەیان شێواندو تێکدا.. بەم جۆرە لە چقوور ئووا داروبار نەما.. کە سیستەمێک کۆتایی هات و سیستەمێکی دیکە هات، وشککردنەوەو پڕکردنەوەی زۆنگەکانم دیت لە تۆرۆس زۆنگاو هەبوو، لە عوسمانییە زۆنگاو هەبوو لە قەدرلی و قۆزان هەبوو لە ئاقچەسازیش هەرهەبوو.. سەرتۆپی چوقوور ئووا زۆنگاوبوو، وشک کرا.. پەمۆ چێنرا.. مەرەزەکرا، بەوجۆرە لەگەڵ گۆڕانی سروشتدا، یا لەگەڵ گۆڕانی مرۆڤدا سروشتیش گۆڕا.. شاخەکانی تۆرۆش بیشەڵان و چەم بوو، ئاوی زۆربوو رووتانەوەی ئەو شاخانەو وشککردنی کانییەکانیشم بینی.. «تاوانێک لە بازاڕی ئاسنگەراندا- بەشێکە لە رۆمانی ئاغاکانی ئاقچەسازو -و«یووسفۆکە» ئەگەر لە دەرەوە تەماشایان بکەی جۆرە لاواندنەوەیەکە «ئەو مرۆڤە خاسانە ئەسپەکانیان هەڵیگرتن و رۆیشتن..»... ئەمە نەمانی جۆرە یاساو سەردەمێکە، سەردەمی نەمانی مرۆگەلێک کە جێگای ئەوان جۆرە کەسانێکی کە پەیدابوون، لەوانەی پێشوو ناچن، ئەوان نین، جیاوازن.. بەڵکو ئەمانیش خودان خەسڵەت و خوویەکی جوان و لایق، بەڵکو ئەو مرۆڤانەن کە من بینیومن لەم رۆمانەدا تیشکم خستۆتە سەر ئەمانە.. هەروەها لە پەیوەندی مرۆو سروشت دواوم، مرۆ کە دەگۆڕێ، گۆڕانکارییەکە سروشتیش دەگرێتەوە، لەگەڵ خۆیدا دەیگۆڕێت. جاری وابووە بەرەو خراپەکاریی و وێرانکاری بردووە، لەم کاتەدا ئەوەی دەیبینین چ لە تورکیاو چ لە جیهان سروشت بەرەو وێرانبوون دەڕوات، فەوتاندنی سروشت یاسای ئەم سەردەمەیە.. من خۆم لەم بارەوە بەجەنگاوەرێک دادەنیم، لە جەنگدام بەرامبەر لەناوبردن و شێواندنی سروشتی وڵاتەکەم. دەمەوێ لەم رۆمانەم بگەن لەدژی چەوساندنەوەی مرۆڤ و سروشت دەوەستم، ویستوومە ئەمە بەئەنجام بگەیەنم.



*** ئەم رووداوانەی کردووتنە بابەتی رۆمانەکەت لەکوێوە هەڵتهێنجاون؟.**

- کەسێکی دیاری ناو رۆمانەکە «دەروێشی ناوە لە چقوور ئووا سێ چوار کەسی وەکو ئەم دەروێشە دەناسم، زۆر لە نزیکەوە دەیناسین. لە یەکێ لە

دێیەکانی ئەوێ کوێخاو سەرکاری دێیەکەم دەناسی «مەمەدی جەندرمە»م زۆر لە نزیکەوە دەناسی.. زۆربەی کەسایەتی و رووداوی رۆمانەکەم لە ژیانی ئەوانەوە هەڵێنجاوە.. بۆ نموونە:

سواری ئەسپەکەی دەبوو هەمیشە لاڕێی دەگرت، بەسەر ئەسپەکەیەوە رادەوەستا.. کەمێک ئاوا رادەوەستا دواجار بەرەو لایەکی دیکە ئاوزەنگی لێدەدا، چونکە دەترسا، کاتێ خۆی کوتێکی کردبوو.. دوا لەگەڵ خەڵکێکی زۆری ئەنادۆڵ دۆستایەتیم هەبوو، ئەمەش لە رۆمانەکەدا بەئاشکرا دیارە.

*** بەڕێز یەشار کەمال یەکێ لە کەسایەتی نێو رۆمانەکەت خۆی لە دوورەوە نیشاندەدات ئەویش«عەلی عەریزەنووسە» ئەوە خۆتی؟..**

**یەشار کەمال:** تارادەیەک.. یا کەمێکی منی تێدایە، بۆ رۆمانەکەش«عەلی» زۆر پێویست بوو ئەرزوحاڵ نووسین یانی دەردوئازاری خەڵکەکەی لە لایە.. ژیان هەموو شتێکی تێدایە.. کە گوڵێک سیس دەبێ تۆمی خونچەیەکی دیکەی کردۆتە خاکەوە.. ئەو پیاوە چاکانە نەبووایەن بڕوام بەهاتنی ئەو شۆڕەسوارانە نەبووایە هەرگیز ئەو رۆمانەم نەدەنووسی، بۆ نەنووسینیش هیچ هۆیەک نییە..

*** خەلووق شاهین: دوو ساڵ لەمەوبەر ساڵی ١٩٧٥ «تاوانێک لە بازاڕی ئاسنگەراندا» دەرچوو، بەر لە دوو مانگیش «یوسفۆکە» چاپکرا.. رۆمانەکە بەم رستەیە دەستپێدەکات: «ئەو پیاوە چاکانە سواری ئەو ئەسپانەبوون و لێیاندا رۆیشتن».. دوای(١٣٥١) لاپەڕە - کە قەبارەی هەردوو بەشی رۆمانەکەیە «ئەحمەد»- لە کۆتایی بەشی دووەمدا بەم رستەیە کۆتایی دێ «ئەو ئەسپە چاکانە ئەو پیاوە چاکانەیان هەڵگرت و رۆیشتن». بەڕێز جەمال سورەییا ئەم پرسیارە لە ئێوە دەکەم یەشار کەمال لەو(١٣٥١) لاپەڕەیەدا دەیەوێ چ بڵێ؟**

- **جەمال سورەییا:** ئاغاکانی ئاقچەساز دوو بەشە بەشی یەکەمی بەناوی «تاوانێک لە بازاڕی ئاسنگەراندا» ململانێی دوو خانەوادەی بەگزادەی چقوور ئووا دەخاتەروو، لەسایی سێبەری سیستەمی دەرەبەگیدا کەسان و ئەندامانی ئەم دوو خێزانە ماوەیەکی درێژخایەن ژمارەیەکی زۆر لە یەکتری دەکوژن، لەم کاتەدا چقوور ئووا گۆڕانکارییەکی زۆری بەسەردا دێ، بەتایبەتی دوای شەڕی یەکەمی جیهانی هەندێ دیاردە برەوی سەند، بەوپێیەش مەرجەکانی ژیانیش گۆڕان، کە مەرجەکانی ژیان گۆڕان. مرۆڤێکی تازە سەری هەڵدا کە بەرەبەرە پەتی بارودۆخەکان بەدەستەوە گرت بوونە کارەساتی بازاڕی ئاسنگەران.. بەچۆکاهاتنی نوێژێک، یا چینێک بەچۆکا دێ دەستەو چینێکی دیکەی، یا دەسەڵاتێکی دیکەی ئاغا بورجواکان پووچ دەکەن و لادەبەن.. هەرچی رۆمانی «یووسفۆکە» ململانێ و بەگژاچوونی ئەو گرووپ و دەستە تازەیەو دەستەی فیودال پیشان دەدات، لە هەردوو بەشەکەدا بەیەکاچوون و ململانێیەکی بەردەوام لە ئارادایە، بەڵام زەمینەی ململانێیەکە جیاوازە، ئەو کلملانێیەی لەنێوان فیودالەکان خۆیاندا چەند نموونەیەکی تازەی هێنابووە ئاراوە، لە رۆمانەکەدا «ماهیر بەگ» وێنەی ئەو نموونەیەیە. بۆ ئەمانە بۆیان هەیە هەموو شتێک بکەن، پشت بەهیچ رێسایەک نابەستن، بۆ گەیشتن بەئامانجی خۆیان هەموو شتێک جایزەو دەیکات، هەموو شتێ تا دەگاتە بێ شەرەفی..

لەم رووەوە یەشار کەمال لەم ململانێیەدا

خەڵکەکە پیشان دەدات، بەڵام رۆڵێکی ئەوتۆی پێنەداوەو نایبینێ، خەڵکەکە لەبارێکی دەستەوسان و ئاڵۆزو بێ دەنگیدایە، بەڵام لە لایەکی دیکەوە نموونەی توێژاڵی روناکبیر لە ئاستی کێشەکاندا کاریگەر دیارن، کە شادەماری فیودالی دەبڕێ ئاغا بورجواکان سەرهەڵدەدەن بەم جۆرە رۆمانەکە کۆتایی دێ..

*** خەلوق شاهین: بەڕێز حیلمی یاوز، ئاغاکانی ئاقچەساز دەسەڵاتێکی تیادا دەگۆڕێ یان راستتر رژێمێک بەرەو نەمان دەڕواو لەجێگای سیستەمێکی تازە دێتە ئاراوە، لەم پێدانگەوە ئەم رۆمانە بەزەیی و لاواندنەوەی سەردەمێکە یان دەتوانین بڵێین داستانێکە؟ ئێوە چۆنی هەڵدەسەنگێنن؟.**

– **حیلمی یاوز:** ئەو دوو رۆمانەی کە لەژێر سەرناوی ئاغاکانی ئاقچەسازەوەیە، بەلاواندنەوەی دانانێم، بەتراژیدیایەکی گەورەی دادەنێم، دەشێ تراژیدیا بە(لاواندنەوە) دادەنرێت، بەڵام ئەم تراژیدیایە هەروەکو بەڕێز سورەییا روونی کردەوە. چینێک لابچێ و لەجیاتی چینێکی کە بێتەکایەوە، کە رەمزە بۆ دەسەڵات.. نموونەی فیودال دەروێش بەگەو لەبەرامبەری ماهیر بەگە، ئەم دووانە جیاوازییەکی زۆریان لەنێواندا هەیە، کە هیچ پێکەوە ناگونجێن، رەنگە لە خاڵێکدا یەک بگرنەوە کە بەلای منەوە زۆر گرنگە لە خاڵێکدا یەک بگرتەوە کە بەلای منەوە زۆر گرنگە، دەروێش بەگ دەسەڵاتی بەسەر ناوچەیەکی فراواندا دەسەپێنێ، دەروێش بەگە لەو سەردەمەی خۆی کە تیایدا دەژی رازی نییە، بۆیە ماهر بەگ بەچاوێکی نزم و سووک تەماشای قەباقچی ئوغلو دەکات.. بەڵام دەروێش بەگ پشت بەشتێکی کە دەبەستێ: چوقوو ئووا گۆڕاوەوە، وەکو جاران رێزو حورمەتی نەماوە، هەربۆیە «یووسفۆکە» دەکوژێ.

*** خەلوق شاهین: بەڕێز قاپڵان ئێوە چۆن تەماشای ئەم رۆمانە دەکەن؟.**

– محەمەد قاپڵان: ململانێی توێژو چینەکان بابەتێکی سۆسیۆلۆژییە، بابەتێکی ئاوا بۆ رۆماننووسێک زۆر لەبارەو دەسەدا.. بۆ هەڵسەنگاندنی رۆمانێک دەبێ ئەوە روون بگرێتەوە ئایا تا چ رادەیەک وەک رۆمان سەرکەوتووە. نەک بابەتەکەی ببێتە چەقی هەڵسەنگاندن.. من«یوسفۆکە»ی یەشار کەمالم وەک رۆمانێک خوێندەوە، رۆمانێکی هونەری بەهەموو مانایەکەوە، دەزانن رۆمان گەلێ رەگەزی هەیە.. رووداو هەیە، چینی رووداو هەیە، کارەکتەرو زمان.. شێوە هەیە تێڕوانین و دنیا بینین هەیە لە دواییشدا ئەمانە هەموو چۆنیەتی دامەزراندنیان لە ئارادایە. یەشار کەمال لەم بەرهەمەیدا وەکو من بۆی دەچم کەسانی رۆمانەکە نەیانتوانیوە ببنە نموونەی چینەکانی خۆیان، گرنگترین کارەکتەری ئەم رۆمانە یەشار کەمال خۆیەتی، بەگشت مانای وشە. من یەشار کەمال تەنها بەرۆماننووس دانانێم یەشار کەمال شاعیریشە، کەسەکان وەک چۆنن وایان نابینێ، لە گۆشەنیگای خۆیەوە تێیان دەڕوانێ. لە رۆمانەکەدا ئەو خاڵەی کە سەرنجڕادەکێشێ لەناو کەسەکاندا زیاتر یەشار کەمال خۆیەتی. پێشکەشکردنی کەسەکان و ناساندنیان لە لایەن یەشار خۆیەوە رەگەزێکی گرنگە.. خاک و خۆڵی ئەنادۆڵ، هزرو موعاناتی کەسەکان لە سەرەتاوە تا کۆتایی بەتەرزی لاواندنەوە دەخرێنەڕوو، بێ وچان وشەکان دووبارە دەکاتەوە، ئەندێشەکان دووبارە دووبارە دەکاتەوە، رووداوەکان زیاد لە پێویست

بەشێوەیەکی شیعرئامێز هەوڵی روونکردنەوەیان دەدا.. رۆمان دەبێ لە سەرەتاوە تا کۆتایی لە زنجیرە رووداوێک پێکهاتبێ، لێرەدا ئەم زنجیرە رووداوانە نابینرێن، کۆمەڵێ رووداوی جیاجیا دەبینێ، کە بەباشی و بەرێکوپێکی وەکو زنجیرە بەدەم یەکەوە نەدراون.. لەناو رۆمانەکەدا چەندین ئاغای تێدایە، بەڵام ئەم ئاغایانە وەکو ئاغایەک وەرناگرێت. یەشار لە نووسینەکانیا روئیای سیاسی نییە.. ئەو لاواندنەوانەی کە دەینووسێ ئەو بەبیرکردنەوەیەکی سیاسی دادەنێ، بەڵام ئەوانەی ئەو بریتین لە چەند وشەیەکی شیعرئامێز رووداوەکان بەیەکیانەوە نابەستێ.. کەسان جیهانی ناوەوەی خۆیانمان بۆ ئاشکرا ناکەن، یەشار زیاد لە پێویست جلەوی کەسەکانی بەدەستەوەیە.. دەبووایە کەسایەتی ئاغای بەجددی دەربکردایە، یاخود رووناکبیرێک کە لە ئەورووپا دەخوێنێ بەجددی لێی بکۆڵێتەوە. کاتێ کە هەستی خۆیشی دەردەبڕێ زۆر گرنگی بەشێوە دەدا، نووسەر مافی ئەوەی هەیە، بەڵام لێرەدا کاریکاتۆریانە دیارن، ئەمەش ناچتە ژێرخانەی گاڵتەجارییەوە، رۆمان پشت بەبیرو ئەندێشەو کلتوور دەبەستێ، رووناکبیریی دەوێ واتەی رووناکبیری هەڵناداَ.. من لەگەڵ بەڕێزیاوز»دا نیم کە لە رۆمانەکەدا ململانێیەکی راستەقینە دەردەکەوێ، کاتێ کە ململانێ لەنێوان دوو شتی جیاوازدا روودەدا، دەبێتە شتێکی سەرنجڕاکێش و گرنگ، بەڵام لێرەدا، ململانێیەکە لەنێوان دوو شتی وەک یەکدایە، ئەمە دووبەرەکانی راستەقینە نییە، من کە دەمخوێندەوە نە بەشداری ترسەکانیانم دەکرد نە بەزەییشم پیاندا دەهاتەوە.. ئەمانە ئاغان یا نموونەیەکی نوێن.. خراپەکان لەگەڵ خراپەکاندا ململانێیانە. چاکەکانیش بێ ئەوەی بزانن کەوتوونەتە گیانی یەکترو یەکتر دەکوژن، هیچ سەردەمێک وەکو بزانم ئەمە دراما پێک ناهێنێ.. مرۆ چاوەڕێی ئەوە دەکات، بەرامبەر ئەو مرۆ خراپانە مرۆڤێک یا دەستەیەک پەیدا بن و بەگژیا بچن و شت بڵێن.

یەشار کە بینای رۆمانەکەی لێداوە بەباشی بیری لێ نەکردۆتەوە رۆماننووس دەبێ بە تەرازوویەکی دروست و حەساس بیپێوێ. یەشار هەموو کاتێ دەستی بەسەر تایەکی تەزووکەدایە.. سووریشە لەسەر ئەوەی دەبێ دەستێکی هەر بەسەر تایەکەوە بێت، دەیەوێ رووداوەکان وەک چۆن خۆی دەیەوێ ئاوا سەقامگیر بێ.. لەلایەکی ترەوە زۆر گرنگی بە شیعر داوە، پەخشانە شیعر، زۆریشی لەسەر دەڕوا، پێی لێ دادەگرێ، هەندێ جار وای لێدێ پەیوەندی بەرووداوەکانەوە نامێنێ و نییە وەسفی سروشتی پێ دەکات. من ئەم رۆمانە بە تاقیکردنەوەی شاعیرێکی دادەنێم..

خەلوق شاهین: ئاغاکانی ئاقچەساز یەکەم رۆمانی یەشار کەمال نییە، پێش ئەمە «ئینجەمەمەد» بەرگی یەکەم و دووەمی و کاریتەو زەوی ئاست و گیای نەمرانیشی بڵاوکردۆتەوە، خۆیشی دوای ئەو هەموو تاقیکردنەوە وتوویەتی: من لە ئاقچەسازدا لە هەموو کاتێ زیاتر لە رۆماننووسین نزیک بوومەتەوە، کەوای وتووە، رێک بەپێچەوانەی بۆچوونەکانی بەرێز محەمەد قەپڵانە.. **بەڕێز جەمال سورەییا تۆ رۆمانەکانیت خوێندۆتەوە دەربارەی رۆمانووسینی یەشار کەمال چ دەڵێی؟ بە تایبەتی لە ئاقچە سازدا..؟**

جەمال سورەییا: یەشار کەمال بەڕاستی رۆماننووسە. دەتوانم بڵێم رۆماننووسێکی

ریالیزمی شۆڕشگێڕانەیە. ئینجەمەمەد بەرهەمی ئەو سەردەمەی خۆی بوو، دوای ئەوە پێی نایە قۆناغێکی ترەوە، رووی لە ئەفسانە کرد، راستە لێرەدا پەنای وەبەر شیعر زۆر بردووە، بەڕاستی من پێش ئەوەی ئاقچەساز بخوێنمەوە، ترسی ئەوەم لێ نیشتبوو: ئایا یەشار کەمال دوای گیانی نەمران هەر لەو شێوە شیعر ئامێزەییەی بەردەوامە؟ من لەو بڕوایەدا بووم یەشار لەو قاوغە نامێنێ، کە ئاقچەسازم خوێندەوە لەوە دڵنیا بووم و ئەو ترسەم رەوییەوە، چونکی ئاغاکانی ئاقچەساز، بەتایبەتی «یوسفۆکە» وشەی رۆمان پڕ بە پێستێتی.. بەرهەمێکی باڵا بینی، بەڵام لەلایەکی تریشەوە باشترین رۆمانی یەشار نییە.. لە هەمان کاتدا من لەناو رۆمانە تورکییەکاندا بە چاکترینیان دادەنێم. تایبەتمەندی «یوسفۆکە» لە چ دایە؟ کە دەڵێین رۆمان چ دەەینێ؟ بەڕێز قاپلان دەربارەی رەگەزەکان وا، لە ئاست بەرهەمەکانی پێشووی یا بەرهەمە کۆنەکانی تورکی چ پایەیەکی هەیە، یا لە ئاست ئەو رۆمانە تورکیانەی ئێستا بلاودەبنەوە.. چ گۆڕانکارییەکی هێنایەتە کایەوە.. هەروەها بەداستان دانراوە. من دەڵێم داستان نییە

قاپلان: من نەمگوتووە داستانە..

جەمال سورەییا: نەخێر، لەلاپەڕەی دواییدا، لە بەرگی کتێبەکەدا وا نووسراوە..

قاپلان: داستان شتێکی جیاوازە..

جەمال سورەییا: من خۆم لە بەرامبەر بەرهەمێکی رۆمانسی بینییەوە. یەشار تا ئێستا چی نووسیوە وەکو ئەمەیان وەکو خۆشی وتوویەتی ئاوا لە رۆمان نزیک نەبۆتەوە.. هەروەکو قاپلان دەڵێ لاواندنەوە نییە، پارچە پارچە شیعر نییە و درابێتە دەم یەکترەوە، بەڕاستی داهێنان و دروستکردنێکی راستەقینەیە، رووداوەکان زۆر بەچاکی رێکخراون، کەسایەتییەکان نموونەی راستەقینەی سەردەمێکی دیارن، بەشێوەی دەرەوە و ناوەوە بەفام و تێگەیشتنەوە رۆمانێکی بۆ نووسیوین.. یەشار راستە لەم بەرهەمەیدا سوودی لە شیعر وەرگرتووە، سوودی لە داستان وەرگرتووە و رۆمانەکەی نووسیوە.. بینای رۆمانەکە بە باشی دامەزراوە، لە دەوروبەرێکی دیاردا چەند کەسایەتییەکی خولقاندووە کە هەر یەکەو نوێنەری توێژاڵێکی جیاجیان. ئەمڕۆ تەماشای رۆمانی جیهانی بکەین بە پێچەوانەی بۆچوونەکانی بەڕێز قاپلانەوەن، دەبینین رۆماننووسەکان هەریەکەو جۆرە ئیلتزامێکی هەیە. رۆمانی سویدی ئەدەبێکی شیعری و رۆمانتیکییە، ئەدەبی لاتینی ئەمریکی ئەمڕۆ لە برەودایە و رۆڵێکی کاریگەری هەیە. رۆمانی فەرەنسی دوو رێبازی جیاواز شان بە شانی یەکتر دەڕۆن، یەکێکیان مالارمیە و رامبۆ، ئەوی تریان ستندال.. فلوبێر بەڵام لە هەردووکیاندا مەسەلەی کەسایەتی رۆمانی نوێ دەورێکی ئاشکرای خۆی هەیە

محەمەد قاپلان: نەخێر مەبەستم ئەوە نەبوو..

جەمال سورەییا: من وا تێگەیشتم...

محەمەد قاپلان: نەخێر.. هەرگیز، بە یارمەتی خۆت.. رۆمان بۆ هەر بابەتێکی سیاسی دەتوانی دەست درێژ بکات. من یەشار کەمال بەوە تاوانبار ناکەم کە ئاغاکانی وەک بابەتێک وەرگرتووە.. هەروەها رۆمان و شیعر جیاوازییەکی زۆریان هەیە، هەرچەندە ئەمڕۆ شیعرو رۆمان تێکەڵی یەکتر بوون، رۆمان لە زانستەوە نزیکترە، لە فەلسەفەوە نزیکە، رووداوە سیاسیەکان بە هێمنی و لە ژێرەوە روون دەکاتەوە.. بوونی ئاغایەک

دەگەڕێتەوە سەر مەسەلەی ئابووری، لێرەدا مەرجە سیاسییەکانی وەک خەتێکی باریک گرتووە، یەشار کەمال وێنە دەکێشێ، بەڵام وێنەگرتن بیرکردنەوە نییە، تەماشای ڕۆمانەکانی ڕۆژئاوا بکەین ڕۆماننووس وەک فەیلەسووفێک دەبینین، بەمیکرۆسکوب بەچاوی وردبین و پشکنین تەماشای هەموو لایەنێک دەکات، هەموو لایەنێکت بۆ شی دەکاتەوە لە هەمان کاتیشدا خۆیت لێ ئاشکرا ناکات، دیمەنەکانی ئەنادۆڵ بە شیعرێکی بێزارکەر نابێتە ڕۆمان.. ئەم ڕۆمانە جوینەوەیەکی لە زیادە بەدەری تێدایە کە بۆ ڕۆمان ناگونجێ کە دەیخوێنێتەوە هەست بە بازدانێکی سەیری تێداە دەکەی. وشەکان دەجوێتەوە، وشەیەکی زۆر بەکاردێنێ کە دەتوانێ هەمان شت بەچەند وشەیەک کۆتایی پێ بهێنێ.

**جەمال سورەییا: دەمەوێ شتێک لە بەڕێز قاپلان بپرسم. بۆ دەبێ ڕۆمان جۆرە زانستییەکی تیابێ؟ لە ڕۆماندا حاڵەتی ڕۆماننووسی دەبێ....**

محەمەد قاپلان: ڕۆماننووس ئەو ڕووداوانەی ئێمە نایانبینین و نایانزانین ڕوون دەکاتەوە، ڕۆشناییان دەخاتە سەر.. خۆ شیعر نانووسێ..

خەلوق شاهین> ئەوەی تا ئێستا گوێمان لێ بووە دوو ڕای جیاواز لە ئارادایە دەربارەی هەڵسەنگاندنی یەشار کەمال وەک ڕۆماننووسێک.. قاپلان لەو بڕوایەدایە لەڕووی بینای ڕۆماننووسییەوە پەسەند نییە، لە بەرامبەر ئەم ڕایەدا بەڕێز سورەییا، یەشار کەمال بە تایبەتی لە ڕۆمانی «ئاغاکانی ئاقچەساز» و «یوسفۆکە»دا وەکو ڕۆماننووسێکی لێهاتوو دەیبینێ و لە نێوان ئەو ڕۆمانانەی بە تورکی نووسراون لە پۆپەدان لەم ڕووەوە ئێوە چ دەڵێن..

حیلمی یاوز: یارمەتیم بدەن لە پێشدا بۆچوونەکانی بەڕێز قاپلان یەکەیەکە ڕای خۆمیان لە بارەی دەربڕم: یەشارکەمال، شاعیرانە دەڕوانێتە ڕووداوەکان و لە گۆشەنیگای خۆیەوە دەڕوانێ.. هەروەها گوایە پەل ناهاوێ و ئاغا وەکو نموونەیەک وەرناگرێ، دیدێکی زانستیانە دەربارەی مەسەلە کۆمەڵایەتییەکان نابینرێ، پچڕپچڕ شتەکان بە دەستەوە دەدات، هەست بە پچڕانی دەکرێ، یان بە چاوی جددی تەماشای کەسانی ناو ڕۆمانەکە ناکات، هەندێکیشیان بە تایبەتی ئاغاکان بەشێوەیەکی کاریکاتۆریانە پێشکەش کراون، ئەمەیان ئاساییە، چونکی یاسایەک بەرەبەرە بەرەو نەمان و توانەوە بڕوا، ئەو نموونانە، ئەو جۆرە کەسانە دەبنە ڕەمز بۆ یاسا، بتەوێ و نەتەوێ جۆرە کاریکاتۆرییەتێکی پێویستە، بۆ نموونە لە ئەدەبی ڕۆژئاوا «گۆریوی باوک» کەسایەتییەکی پێکەوناوییە. من دەڵێم لەم ڕۆمانەدا ململانێ لە نێوان شتە زەقەکاندایە، لە نێوان چاکەکان و خراپەکاندایە، ململانێ لە نێوان دوو شتی جیاواز دایە، یەکێ لەوانە «دەرویش بەگ» کە گرنگی دەداتە ئەو خوورەوشتانەی لە باو باپیرانەوەی بۆ بەجێ ماون، بەرامبەر ئەمیان «ماهیر بەگی» داناوە، کە هەموو شتێک بە پارە دەفرۆشێ، ئەگەر ئاوا تەماشا بکەین ئەوا ململانێیەکە دیارە. لەناو بینای ڕۆمانەکەدا ململانێیەکی ڕاستەقینە دەبینم.. من لەگەڵ وتەکانی بەڕێز «سورەییام» ئەم ڕۆمانە بەڕاستی یەشار لە داستانەوە بۆ ڕۆمان کارێکی گرنگی پێ بەخشیوە، کە دەڵێم لە داستانەوە بۆ ڕۆمان دەبێ ئەم خاڵە ڕوون

بکەمەوە.. لە داستانە کۆنەکانیشدا لە نێوان هەندێ ڕووداویدا پەیوەندی کزە، یان هەر نییە. بەڵام دەزوویەکی نهێنی بەیەکیانەوە دەبەستێ.. ئەم ڕۆمانە بەتایبەتی «یوسفۆکە» شاکارێکی نەمری یەشار کەمالە..

محەمەد قاپلان: کاتێک (بینای غوزوی) لە ڕۆمانێکدا دەبینین ڕەگەزەکانی لەگەڵ یەکدا گونجاو بێ، کە من لە دروستکردنی ئەم سەعاتەی دەستم دەکۆڵمەوە هەموو ڕەگەزەکانی پەیوەندیان بە یەکەوە هەیە، (بونیاتی ئۆزگانی) ئەوەیە کە تەنها وشەیەک نەتوانی لە دەقەکەدا دەربینی، ڕۆمان مەسەلەی تەکنیکە، لە وتارێکدا سەرنجی خۆت دەربارەی ژیان و دنیا دەتوانی دەربڕی، بەڵام ڕۆمان تەکنیکە. یانی پێویست بە دەربڕینی سەرنج ناکات. ڕۆمان دەبێ ڕۆمانێکی نوێ بێ، ڕۆمانی کۆن و نوێش پێویستی بە بیناسازییە، کاری ئەندازیارێکە..

**خەلوق شاهین: لە بیناسازی ڕۆماندا، لای یەشار کەمال بینای ڕۆمان پەیوەندی نێوان مرۆڤ-سروشتە جێگایەکی دیاری لەلای دروست کردووە و هێڵێکی گەورەو دیارە لای یەشار کەمال.. ئەگەر لەم سووچەوە بڕوانین: ئایا ڕۆمانەکانی یەشار بینایەکی کلاسی وەرگرتووە؟**

حیلمی یاوز: بەڕێز شاهین. ئەگەر یارمەتیم بدەین کێشەی سروشت لە ڕۆمانەکانی یەشاردا بەتایبەتی لە «یوسفۆکە»دا.. دەربارەی بۆچوونەکانی بەڕێز قەپلان سەعاتی بە نموونە هێنایەوە، کە بیناسازی ڕۆمان بەشە جیاجیاکانی ڕۆمانەکە بیناسازییەکە پێک دەهێنێ. هەڵبەتە سەعات لە چەند پارچەیەک پێکهاتووە بەڵام لە پێشدا بێگومان تەسەورێک هەبووە بۆ سەعاتەکە. فیکرەکە بە تەسەورێکی گونجاو ڕێک دەخرێت. یان هەروا پەنا بەخوایی پارچەکانی دێن و لە تەنیشت یەکەوە دایدەنێن؟ کەسانی نێو ڕۆمانەکەو نموونەکان وەک پارچە بچووکەکانی سەعاتەکە وان. لەبەر ئەمە، من سوورم لەسەر ئەوە بۆچوونی بۆ ڕووداو شتەکان مەرجێکە ناتوانی دەستی لێ هەڵگری. تۆ ناتوانی لە ڕۆمانەکەی یەشار کەمالدا کەسایەتییەکی لابدەی و بەلاوەی بنەی، ئەوکاتە لە گشتگیری دەکەوێ.. ناتوانی «ماهر بەگ» یا «دەروێش بەگ» فەرامۆش کەیت و لایان بەیت لە ڕۆمانەکەدا.

محەمەد قەپلان: ئەمانە شا کەسی ڕۆمانەکەن، بەڵام چەند کەسێکی دیکە لە ئارادان..

حیلمی یاوز: بێگومان هەن، بەڵام ئەوانە شمولییەتی ڕۆمانەکە پێک ناهێنن، ئەو دووانە کاریگەرن. ئەوانە ئەو نموونانەن کە ڕەمزن بۆ ململانێیەکە. ئێمە باس لەوانە دەکەین، ئەوەی گرنگ بێ ئەو دوو نموونەیەن «دەروێش بەگ و ماهیر بەگ» بەم پێیە ئەگەر ماهیر بەگ یا دەروێش بەگ لە ئارادا هەڵگرین بیناسازی ڕۆمانەکە نامێنێ.. خاڵێکی کە هەیە ئەگەر یارمەتیم بدەن نازانم لە ڕۆمان چۆن تێگەیشتووە؟ کە دەڵێ وشەیەک لە ڕۆماندا ناتوانرێ دەرکرێ! ئەمە لە شیعردا ڕاستە زۆریش ڕاستە، نابێ لە شیعردا وشەیەک دەربهێنرێ. بەڵام بۆ ڕۆمان ئەمە ناوترێت..

**محەمەد قاپلان: من پرسیار لە بەڕێزتان دەکەم: بەلای تۆوە زیاد لە پێویست وشە بەکارناهێنێ..**

حیلمی یاوز: تۆ وای دەبینی، بەڕای من نەخێر..